# پاپ جۆن پۆلسی دووەم هاوپەیمانی ریگان بوو

حمید کەشکۆلی

کارول یوسف فوجتیا ، ئەوەی لە سالی 1978 ەوە کرا بە پاپای فاتیکان و ئیتر بە جون پۆلسی دوەم ناسرا ، بوە گرنگترین کەسایەتی تاریخی کلیسای کاتۆلیکی رۆمانی ، بەلام وەکو رەجعیترین کەس و سەرکەوتوترین دوژمنی زەحمەتکێشانی جیهان. لەلامەوە زۆر سەیر بو هەندی نوسەری بە ناو لیبرال و تەنانەت چەپیش پاش مەرگی وی کەوتنە پیاهەلدان و پەسندانی و بە پشت وپەنای فەقیر و هەژاریان دادەنا و بە فریشتەی ئاشتی یان وەسف کرد .

ئەو زاتە لەگەل دەسەلاتی نازیەکان و دیکتاتۆریەتی زێدی خۆی پولەندا هاوسەردەم بو. لە قۆناخیک کرا بە پاپ بیروباوەری مارکسیسیت لینینیست و ئازادیخوازەکان دنیایان تەنیبوەوە و تەنانەت بۆ نێو کلیساش دزەیان کربو. بۆیە پێشگرتن بەو بیروباوەرانە گرنگترین ئەرکی ئەم پاپە بو.

پێش وی ، بە تایبەتی لە سەردەمی پاپ جۆنی 13 دا ، لاهوتی رزگاری بیووەوە رەوتێک لە نێو دینی کاتۆلیکدا . لاهوتی رزگاری پشتگیری لە بزاڤە ئازادیخوازەکانی دنیا و عەدالەتخوازەکان دەکرد بە کەلکوەرگرتن لە تیکستگەلیکی کتێبی موقەددەس ، ئەوانەی هانی موسیحیەکان دەدەن خەمی هەژار و بێنەوایان بخۆن. کاتی پاپ جۆنی دوەم نیشتە سەر کورسی پاپایەتی هەمو توانا و بیرو هۆشی خۆی بۆ لە ناوبردنی ئەم رەوتە تەرخان کرد . عەقرەبی سەعاتی بۆ دواوە وەرسوراندەوە و کاتۆلیزمی سوننەتیی گەراندەوە و ئیعتباری زۆرتری پێ بەخشی .

کاتۆلیزمی سوننەتیش لە بەکارهێنانی زەبرەزەنگ و تیرۆر دژی چەساوەکان و ئازادیخوازانی سەرزەوی سل ناکاتەوە.

لە کن جۆن پولسی دوەم کۆمونیزم بۆ کلیسا و مەسیحییەت لە هەمو ئیدیولۆژی و بزاڤیکی دیکە خەتەرتر بوو . زۆر لێبراوانەو جدییانە و کارامانە کۆمەکی بە هێزە ئەنتی کومونیست و پێشکەوتوخوازەکان دەکرد و لیهاتووانە ژێر پیی رژیمە بە ناو کومونیستەکانی دەکۆلی , کەلک لە هەموو هەلەکانی ئەو رژێمانە و تەحریفیەتیان و بێزاری خەلکی لە وەزعی نالەباریان وەردەگرت.

پاپای کۆچکردوو دەستی تێکەل کرد لەگەل سەرۆک ریگانی جینایەتکار لە جەنگدا دژی لاهوتی رزگاریخوازی و بەرەی ئازادیخوازی ساندینیستەکان لە نیکاراگوا و بلۆکی شەرقی . باش کارو ئەرکەکەیان دژی هێزە پێشکەوتوخوازەکان و سۆسیالیست ( هەلبەتە نە حسکی شەری سارد) و مارکسی لینینی دابەش کردبو. ئەو دەمە زۆریک لە مارکسیستەکانی ئەمریکای لاتین بە مەبەستی فرەوان کردنی بەرەی زەحمەتکیشان ، کلیساو هەندی لە دەقەکانی کتێبی مقدس ، وەکو واجیهە، لە خەبات دژی مولکییەتی شەخسی و چەوساندنەوە بە کاردەهێنا. کلیسای سەر بە فاتیکان لە بەرەی دینی و ئەخلاقی شەریان دەکرد ، یان بە قسەیەکی چەوساوە زولملێکراوانی بە ئەفیونەکەیان سڕ دەکرد و بۆ جینایەتەکانی ئیمپریالیزم بەهانەیان دەدۆزییەوە . ئیمپریالیزمی ئەمریکیش بە سەرۆکایەتی ریگان کاریان کوشتن و تیرۆر ی تێکۆشەرانی رێگەی رزگاری چینە بێبەشەکان بو.

موتران ئوسکار رۆمیرو بەرجەستەترین کەسایەتی بوو بە دەستی بالی یەمینی سەر بە سیا تیرۆر کرا کاتیک بۆ حەشیمەتێک قسەی دەکرد . پاپا و فاتیکان تا 25 سال بە هیچ کلوجیک ئامادە نەبوون باس لە جینایەتە بکەن . هەروەهاش پاپای " دۆستی هەژار و زولملیکراوان " **Opus Dei** ییاوکوژکی وەک دامەزرێنەری.

کە بالیکی زەبروەشینی فرانکو بو و لەشکری نهینی کاتۆلیک ، بە پیرۆز دادەنا و کار و تاوانەکانی بەرز دەنرخاند دژی پێشکەتوخوازان و لاهوتی رزگاریخوازی.

هەردو تەرەف ، فاتیکان لەسەرویانەوە پاپا و سەرمایەداری بە سەرۆکایەتی ئەمریکا ی ریگان و ئەوانەی دوایی هاتن ئالوگۆری قازانج لەگەل یەکدی دەکرد. هەر سەرمایەداری بوو وا بازاری وی گەرم دەکرد و شیوەکەی جوان و رەنگین دەکرد ، بەوەش رێگەی خۆش کرد کورسی پاپایەتی بە نسبیی بیت.

هەلویستەکانی پاپا جۆن پۆلس هەمویان رەجعیانە و دژی چەساوەکان و لە پشتگیری سەرمایەداری خوینمژ بوون . بۆ نمونە ، برسییەکانی هندوستان ی بەوە دل دایەوە گۆیا ئەو دەردو مەینەتی و برسیەتی دەبنە هۆی ئوە لەو دنیا خودا لە گوناحەکانیان خۆش بیتەوە ، وەک بلێیی ئەو برسیە داماوانە هەمیشە خەریکی تاوان کردن و گوناحن وەکو دزی و کوشتن و ئیغتسابی منال و هتد . لە دنیادا سەتان ملیون کاتۆلیک هەیە ، زۆربەی هەرە زۆریان لە چین و تویژە مەحرومەکانی ولاتانی ئەمریکای لاتینن ، هەر ئەم ئاموژگاری ئەم دینە وەکو

ئەفیون تەخدیری کردوون . ملیونان مرۆ تووشی نەخۆشی ئیدز هاتوون و فاتیکان دەوری تەماشاگەر دەبینی ، و تەنانەت بەکارهینانی کوندومیشی بۆ حەرام کردوە ، بۆیە رۆژ لە دوای ئەو کارەساتە زۆرتر دنیا دەتەنیتەوە .
پاپای کۆچکردوو دژی ئەوە بو ژن ببیتە قەشە و مەلا ئایینی و ریبەر چونکە ئەو مەقامانە بۆ نێران قورخ کراون . هەلویستی لەمەر هاوجنسگەرایان رانەگەیاند .. لە هەمووی خرابتر حەرام کردنی وەسیلەی خۆپاراستن لە نەخوشی سیکسی لە کاتی ممارسەی سیکسدا .. کە بوەتە هۆی زیاد بوونی ژمارەی بیمارانی سیکس لە جیهانی کاتۆلیکدا.
ناتوانین نکولی لەوە بکەین کە پاپا جۆن پۆلسی دوەم زانایەکی گەورە بو و دەیان کتێبی داناوە لە بوارەکانی لاهوت و سیاسەت و تەنانەت شاعیریش بوو .. ئیدیولوجیی وی ئنتگراسیون بوو بە مەعنای ئەوە دەولەت حوکم بکات ا و کلیساش ریبەری و ئاموژگاری دەولەت .